# پرسی زانکۆ ئەهلیەکان و قەیرانی خوێندنی هاوچەرخ

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

دەزگاکانی خوێندن بە گشتی و خوێندنی باڵا بە تایبەتی، بناغەن بۆ کۆمەڵگاییکی تەندروست و دەوڵەتیکی مۆدێرن. بۆیە لە هەموو وڵاتانی دونیا کۆمەڵیک پرینسیپی گشتی هەن کە پرۆسەی خوێندنی لەسەر بنیاد دەنرێ، ئینجا لە وردەکاریەکان جیاوازی تێدەکەوێ.

لەو پرێنسیپانەش:

1. ئەو شەهادانەی کە زانکۆیەکی حکومی داوایان دەکا زانکۆ ئازادەکانیش بە هەمان شێوە داوای دەکەن، لەوانەشە هەندێ جار توندو تیژ تریش بن لە وەرگرتنی خوێندکار چونکە هەمیشە ململانێی چۆنایەتی دەکەن لەگەڵ زانکۆ حکومیەکان.
2. هەرگیز نەبووە و ناشبێ خوێندکارێک ئەگەر هەموو قۆناغەکانی بە شێوەیەکی یاسایی نەبڕیـبن ماوەی وەرگرتنی بدرێت.
3. کە خوێندکارێک بە پارەی خۆی بخوێنێ هەرگیز مانای وانیە یاسای دارستان لە زانکۆ بەڕیوە دەچێت.
4. یەکێک لەو شتانەی کە زانکۆ ئازادەکان پێیەوە تایبەتمەندن خوێندنی ماڵەوەیە کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (مراسلە یان انتساب) تەنها بۆ تاقیکردنەوە دەچێتە زانکۆ، ئەو جۆرە خوێندنەش زۆرجاران لە ڕووی چۆنایەتی وەکو خوێندنی فەرمی نیە.
5. خوێندنی زانکۆی ئەهلی هەرگیز بۆ ئەو کەسانە نیە کە لەبەر هەر بارودۆخێک بێ نەیانتوانی بێ خوێندنی ئامادەیی تەواو بکەن، پاشان بچن ڕاستەخۆ لە زانکۆ بخوێنن، بێگومان ئەو کەسانە دەبێ دەرفەتی خوێندنیان پێ بدرێت بەڵام لە کوێ وەستاون دەبێ لەوێوە تێی هەڵچنەوە. بۆیە ناکرێ زانکۆی ئەهلی بکرێنە بازاڕ و چونکە خوێندکاران پارەی خۆیان دەدەن بە شەهادەی ناوەندی وەربگیرێن. واتە کێشەکە خۆی لە کڕین و فرۆشتندا نانوێنێ.

سەبارەت بە قەیرانی زانکۆی ئایندەی ئەهلیش لە سلێمانی، ئەوە زیاتر لە دوو حەفتەیە مانگرتنی خوێندکارانی سلێمانی بەردەوامە و وەکو خۆشیان دەڵێن کەس گوێیان بۆ ناگرێ. ئێمەش حەقی خۆمانە بپرسین، بەردەوام بوونی مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە بەرژەوەندی کێدایە؟

بە دڵنیاییەوە ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنانە لەسەر مەریخ ڕونادەن. پەنابردنیش بۆ پرێنسیپە دموکراسیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان دیاردەیەکی مۆدێرن و شارستانیە و دەبێ ڕیزی لێبگیرێ بە تایبەتیش کە خوێندکاران بە وشیارترین توێژی کۆمەڵگا دادەنرێن. درێژەکێشانی ئەو پرسەش بێگومان کاریگەری نێگەتیفیشی دەبێ لەسەر ڕەوتی خوێندن و ئاستی زانستی

قوتابیان. بەڵام بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی پرسەکە بە خێرایی چارەسەر بکرێ دەبینین تەشەنە دەکات بۆ هەولێر و داخۆ دواتریش بە کوێ دەگات!!
دەبێ بپرسین ئایا ئەو زانکۆ ئەهلیانە ئاستی زانست لە کوردستان بەرز دەکەنەوە یان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە بە بازاڕ کردنی خوێندن، هەروەکو زۆرێک لە خوێندکاران جەختی لەسەر دەکەن؟ هەروەها دەشکرێ بپرسین ئایا ئەو چەند زانکۆیە ڕەسمیەی ئێستا هەن تێری ئەو خوێندکارانە ناکەن کە ساڵانە ڕوو لە دەزگاکانی خوێندن دەکەن؟ یان ئایا نەخۆشی دوو ئیدارەیی و بەردەوامبوونی شەڕی ساردی نێوان پارتی و یەکیەتی دابەزیوەتە هەموو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگای ئێمە؟
چونکە لە هەولێر زانکۆیێکی ئەهلی هەیە دەبێ لە سلێمانیش هەبێ. چونکە لە ناوچەی بن دەسەڵاتی پارتی دوو زانکۆی حکومی هەن دەبێ لە ناوچەی یەکیەتیش دوو زانکۆ هەبن. ئەوە بوو لە کۆیە زانکۆی کۆیەش کرایەوە. ئەم جۆرە ململانێیە ناتەندروستە تا کەی؟ تاکەی کوردستان بێ دەستەیەکی باڵای خاوەن پلانێکی باڵا بۆ خوێندنی باڵا دەمێنێتەوە؟ بێجگە لەوەی کە تا هەنوکەش سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە دەست سیستمە کۆنەکان دەناڵێنێ و بێ ڕیفۆرم ماونەتەوە.
لە وڵاتانی ئەوروپا کە قوتابیان پرۆتەستۆی دیاردەیەکی خوێندن دەکەن بۆ چەند سەعاتێک مان دەگرن، هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێ لەسەر ڕووداوەکە دادەگرن و لەسەر ئاستی پەرلەمان قسەی لێدەکرێ، بەڵام لای ئێمە چونکە ڕاگەیاندنیش هەر پاوانی حیزبە ڕوداوێکی ئاوا کەم تا زۆرێک قسەی لێوە ناکرێ، مەگەر لە ڕاگەیاندنی حیزبی بەرامبەر پرسەکە تاوتوێ بکرێ ئەویش نەک بە مۆتیڤە دیموکراسیەکان بەڵکو بە هەمان ئەو مۆتیفە تەقلیدیانەی کە لە دونیای ئێمەی پلە سێدا نەبێ لە شوێنێکی تر باویان نەماوە. جێی خۆیەتی زانکۆی ئەهلی هەبن، بۆ ئەوەی هەموو هاوڵاتیەک دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی هەبێ، بەڵام دەبێ لەسەر بناغەی هەمان ئەو پرەنسیپە زانستیانە بێ کە زانکۆکانی تر لەسەری دەڕۆن. بۆیە لەسەریشمانە بپرسین، داخۆ لەو زانکۆ ئەهلیانە چی ڕوودەدات؟ چونکە ئەو جۆرە پرسانە بە ئیهمال کردن و گوێنەگرتن چارەسەر نابن، دەبوایە ڕاستەخۆ لیژنەیەکی بێلایەن بە لێکۆڵینەوەی پرسەکە ڕابوبایە و چارەسەری گونجاوی بۆ کێشەکان دابنابان. دابڕانی خوێندکاران لە خوێندن کاریگەری نێگەتیفی نەک هەر لەسەر مانگرتوەکان دەبێ بەڵکو لەسەر تێکڕای پرۆسەی خوێندن دەبێ و بۆیشی هەیە ببێ بە قەیرانێکی گەورەتر لەوەی کە هەیە.
خۆ ئەگەر هەموو کۆنترۆڵەکان یا ئەو خاڵانەی پشکنینیش کە لە کوردستان هەن سەر بە حکومەت بان و لەسەر بناغەی هاوڵاتی بوون بەو شوێنە گەیشتبان لە جیاتی ئەوەی ئازاری خوێندکاران بدەن و بێڕێزیان پێ بکەن بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردن و ئازاریان نەدەدان و پاراستنی ئەمنیەتیشیان وە ئەستۆی خۆ دەگرت.
ئەو پرسەش وەکو زۆرێک لە پرسەکانی تری کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە پاشەکشێی حیزبەکانە بۆ ناو بارەگاکانیان و بەقەدەر ئەوەی کە دەبێ دین لە دەوڵەت جیا بێ بە هەمان قەدەریش دەبێ حیزبایەتی لە دەوڵەت جیاواز بێ. حیزبەکان دەبێ مولکی دەوڵەت بن نەک بە

پێچەوانەوە. ئەو ساتەش زانکۆکان مولکی حیزب نابن، بەڵکو مولکی دەوڵەت دەبن. دەوڵەتیش کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەبێ و لەدایک بووی پەرلەمانێکی ڕاستەقینە دەبێ، ئەو کاتە ئەو جۆرە دیاردانە دروست نابن.

پێویستە هەردو حکومەتەکانمان بزانن بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ، مۆدیلی حوکمی ماکیافیللیش نەک هەر باوی نەماوە، بەڵکو ماکیافیللیستەکان وەکو داشەکانی شەترەنج یەکە یەکە سەراونگوم دەبن. ئەو پرسی خوێندکارانەش یەکێکە لەو کێشە جیدیانەی کە چارەسەری بە پەلەی دەوێ و بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ بوونی قەیرانێک و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەش بەڕای من خۆی دەنوێنێ لەو خاڵانەی خوارەوە:

1- پێکهێنانی دەستەیەکی یەکگرتووی باڵا بۆ خوێندنی باڵا لە کوردستان.
2- ڕیفۆرمی بەپەلەی هەموو قۆناغەکانی خوێندن، بە تایبەتیش خوێندنی باڵا.
3- دانانی هەمان ئەو پرینسیپە زانستیانەی کە لە زانکۆ گشتیەکان هەن بۆ زانکۆ ئەهلیەکانیش ببن.
4- پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بێلایەن بۆ چارەسەری پرسی زانکۆی ئایندە.
5- دوورخستنەوەی حیزب لە ناو دام و دەزگاکانی خوێندن.
6- پێکهێنانی دەستەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ لە کۆنترۆڵەکان و درانیان بە دادگا و گێڕانەوەی متمانە بۆ قوتابیە دڵشکێنراوەکان و بێڕێزکراوەکان.

بەمجۆرەش خەڵک متمانەی بە خۆ زیاتر دەبێ و کەسیش ئامادە نیە ماوەی ئەوە بدا سەروەری پێشێل بکرێ و بە ناوی دیموکراسیەت مافەکانیان قۆرخ بکرێن.

* ئەم بابەتە لە ژمارە 183 ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاو بۆتەوە.